یەکەم کۆمەڵ کە دەچنە بەهەشتەوە شێوەیان لەسەر شێوەی مانگە لە شەوی چواردەدا، پاشان ئەوانەی لە داویانەوەن شێوەیان لە سەر شێوەی درەوشاوەترین ئەستێرەیە لە ئاسماندا

لە ئەبی هوریرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «یەکەم کۆمەڵ کە دەچنە بەهەشتەوە شێوەیان لەسەر شێوەی مانگە لە شەوی چواردەدا، پاشان ئەوانەی لە داویانەوەن شێوەیان لە سەر شێوەی درەوشاوەترین ئەستێرەیە لە ئاسماندا، میز وپیسی ناکەن، تف وچڵمیان نیە، شانەکانیان لە ئاڵتونە، وبۆنی ئارەقیان میسکە، وبخوردانیان دار عودی بۆن خۆشە، وهاوسەرەکانیان حۆری چاو جوانن، لە سەر ڕەوشتی یەك پیاون، ولە سەر شێوەی باوکیان ئادەمن، شەست باڵ درێژن لە ئاسماندا».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت یەکەم کۆمەڵ لە ئیمانداران کە دەچنە بەهەشتەوە شێوەیان لەسەر شێوەی مانگە لە شەوی چواردەدا لە ڕۆشناییدا، پاشان ئەوانەی لە داویانەوەن شێوەیان لە سەر شێوەی درەوشاوەترین ئەستێرەیە لە ئاسماندا، سیفەتەکانیان هەمووی کاملّە بۆیە میز وپیسی ناکەن، تف وچڵمیان نیە، شانەکانیان لە ئاڵتونە، وبۆنی ئارەقیان میسکە، وبخوردانیان خۆشترین بۆن وبەرام وبۆنی بخوری لێوە دەردەچێت، وهاوسەرەکانیان حۆری چاو جوانن، لە سەر ڕەوشتی یەك پیاون، ولە سەر شێوەی باوکیان ئادەمن لە درێژی وڕواڵەتدا، درێژی لاشەیان شەست باڵە لە ئاسماندا.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65183